# ئەردۆغان ، سەرۆک کۆمارێک بۆ هەمیشە!!

هەڵۆ بەرزنجەیی ٢/١/٢٠٢٦


8 Politik

Proteste im Iran
Sicherheitskraft laut Medien getötet

Israel Regierung entzieht Helfern im Gazastreifen Lizenz

Der ewige Präsident? Erdogans Fundament für den Machterhalt

هەتا بێت ڕێگای گەیشتنی ئەردۆغان بە خەونەکانی تەختر دەبێت:

١ -بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی دێرتاگەسشپیگلی ئەڵمانی، لە پێناوی دادگایت کردنی بە کۆمەڵی نەیارەکانی لە نزیک شاری ئەستەنبوڵ دادگایەکی دروست کردووە، هۆڵی دادگاکەی نزیکەی ٣ هەزار مەتر دووجایە، واتە هێندەی نیوە یاریگایەکی تۆپانێ.. لێرەدا جێگای ٥٠٠ سەد تاوانبار و پارێزەرەکانیان دەبێتەوە.
٢ -لە تورکیا نزیکەی ٢٠ هەزار گیراو هەیە، لەوانە مێمڵە دیارەکە ئەکرەم ئیمامئۆغلوی پارێزگاری ئەستەمبۆلی سەر بە پارتیCHP
٣ -هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان و سەرۆک کۆمار لە تورکیا ساڵی ٢٠٢٨ ئەنجام دەدرێ.بە پێی یاسا ئەردۆغان بۆی نییە، خۆی کاندید بکاتەوە.بەڵام بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە حەز دەکات تا ٢٠٣٠ بەردەوام بێت. لە ئێستاوە کاری ڕژدی بۆ دەکات .
تورکیا و میوانداریی..
ئیمساڵ بۆ یەکەمجار چەند کۆبوونەوەیەکی گرنگ لە تورکیا دەکرێت، ئەم چالاکییابە هەموویان بە سوودی ئەردۆغانن:
١ -مانگی یولای سەرۆکی وڵاتانی هاوپەیمانێتی NATO لە ئەنقەرەی تورکیا بەیەک دەگەن.
٢ -مانگی نۆڤەمبەر سیاسییەکانی جیهان بۆ کۆبوونەوەی ژینگە COP٣١دێنە ئانتالیای تورکیا.
ئەردۆغانە گوێ بەوە نادات، ٣٠٪ پارەکەی هەڵاوساوە، هاوڵاتی تورکیا داهاتەکەی بە هەزار ناری عەلی بەشی پێداویستی خۆراکی مانگانەی دەکات..!
ئەم دۆخە نارەبار و قورسەی ژیانی ئابووری خەڵک هیچ هیزێکی ئۆپۆزیسیۆن ناتوانێ سوودی لێ وەرگرێ.. هەموو لە زیندانن.. داگای تورکیا کە بەدەست ئەردۆغانەوەیە

داوای ٢ هەزار ساڵ زیندانی نۆ ئیمامئۆغلو بە بیانووی گەندەڵییەوە دەکات.. چ گاڵتەجاڕییەکە!.؟
بەپێی وتەی Howard Eissenstat پسپۆڕ لە زانکۆی ئەمەریکا St-Lawrance و لێکۆڵینەوەی تورکیا لە زانکۆی Stockholm دەڵێ:
هەتا پارێزگاری ناوبراو وەک دژبەرێکی ئەردۆغان بمێنێتەوە، چانسی رزگاربوونی نییە .
ئەردۆغان دادگا و میدیای تورکیای بەتەواوی کۆنترۆڵ کردووە.بەواتای ئەوەی هەرکەسێ بەتایبەت رۆژنامەوانێک دژی بوەستێتەوە، زیندانی دەکرێ و چاوەڕێی سزایەکی قورس دەکات..ئاخر چ گاڵتەخاڕییەکە گوایە لەسەر گەندەڵی! سیاسییەک دوو هەزار ساڵ حوکم بدەیت!.. خۆ لەئێستادا ببێتە واز لە بەربەرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بهێنێ و ببێتە دۆستی ئەردۆغان بە چەقەنەیەک ئازاد دەکرێ!.. وڵاتی سەیروسەمەر و حوکمی قەرەقووشی!...ئەم دوو دەزگەیەش رۆڵی صارەنووسساز دەبینن لە هەڵبژاردەکاندا، کە دەشێ ساختەکاریی گەورەی تێدا بکرێ..
دەرئەنجام تێدەگەین کەوا ئەردۆغان هەرچی بیەوێ دەتوانێ بەدەستی بهێنێ و بە پۆستە سەرۆککۆمارێکی هەمیشەییشەوە..
کێشەی کورد، خاڵێکی تری ئاڵۆزی باری ناوخۆی تورکیایە..
رۆژنامەکە دەنووسێ : پ ک ک دوای ٤٠ ساڵ دەستبەرداری خەباتی چەکداری دەبێت و خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە .تورکیا ئەم مامەڵەیە لەگەڵ ئۆجەلانی زیندانی، دامەزرێنەری پ ک ک دا ئەنجام دەدات .
هەولێکی تری ئەردۆغان ئەوەیە لەم رێگایەوە سوودی زیاتر لە ئەو گۆڕانکارییانەی لە وڵاتی سوریای دراوسێیدا وەرگرێ. بەتایبەت کە کوردان خەریکن بەڕێوەبەرایەتی خۆسەریی دواگ روخانی ئەسەد مافێکی ئۆتۆنۆمە بەدەست بهێنن .
، تورکیا ئەمە بە مەترسی و هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی دەبینێ.. دەیەوێ لەرێی ئۆجەلانەوە کار لە یەپەگەی دەستەخوشکی پ ک کەوە بکات، ئەم دەرفەتە لەبار بەرێت.هەر لەبەر ئەم هۆیەشە ئەردۆغان دەیەوێ هاوکاری دەم پارتی وەک پارتێکی فەرمی لە تورکیا بکات. هەڵبەت بە نێتی گەیشتنە مەرامەکانی خۆی. روونتر بڵێم وەک تاکتیکێکی سیاسی مامەڵە لەگەڵ پێشهات و مەترسییەکاندا دەکات.
رۆڵی کورد:
دەم پارتی خاوەنی ٥٦ کورسی پەرلەمانی تورکیایە.. رازی کردنی کورد بە هەر نرخ و تاکتیک و ئیمتیازێک بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ پارتی AKP ی ئەردۆغاندا، ئەو زۆرینەیە بەدەست دێ کە ئەردۆغان بۆ هەر گۆڕانکارییەکی دەستووریی لە تورکیا پێویستی پێی دەبێت. واتە ئەگەر کورد لایەنگری سوڵتانەکەی تورکیا بکات، ئەوا

ئەردۆغان بە ئاسانی دەتوانێ چی بوێت ئەنجامی بدات.. بەم پێیە رۆڵی کورد هەستیار و گرنگە.
ئەردۆغان بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ کورددا دەتوانێ:
دەستوور بگۆڕێ و خۆی جارێکی تر بۆ سەرۆک کۆماری هەڵبژێرێتەوە .هەروەها دەتوانێ وادەی هەڵبژاردنێکی نوێی پێشوەخت مسۆگەر بکات.
لە رێی ئەم دوو برە دەستوورییەوە ئەردۆغان سەرکەوتن بەدەست دێنێ و دەتوانێ بەردەوام بێت لەسەر پۆستەکەی...
پارتی دەم بۆ ئەم جۆرە هاوپەیمانێتییە، لەمەڕ پرسی کوردەوە داوای هەنگاوی کۆنکرێتی لە ئەردۆغان دەکات. وەک :دەرکردنی لێبووردنی گشی بۆ ئەندامانی پ ک ک و ئازادکردنی سەرۆکی پێشوویان سەلاحەدین دەمیرتاش.
هەتا ئێستا بە فەرمی ئەردۆغان هیچ هەنگاوێکی نەناوە و لەم ساڵیشدا گفتوگۆکان هەر بەردەوام دەبن Eissenstat ..پێی وایە هەڵبژاردنی پێشوەخت ئەگەرێکی لاوازە..
ئەردۆغان چاوەروانی هەلاوسانەکەیە بە کوێ دەگات و چی دەتوانێ بکات..
دوای ئەوە بڕیار دەدات، ئایا دەتوانێ پۆستەکەی مسۆگەر بکات. دژبەرەکانی، چاوەڕێی رووبەرووبوونەوەیەی ساڵێکی پڕ لە ئالەنگاریی و سەخت لەگەڵ ئەردۆغان دەکەن.
ئەگەر کورد لێوەشاوە و لێزان بێت ، رووخانی عێراق دواتر سووریا، وەک گەمەی دۆمینۆ، تورکیا و ئێرانیش بە دوای خۆیدا دەهێنێ. بەو مەرجەی کورد نەبێتە فاکتی راگرتنیان و هێشتنەوەیان،
کورد لە دووڕیانێکی سەختدایە و دەرفەتی باشیشی بۆ هەڵکەوتوو. بەتایبەت دوای گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و رووخانی ئەسەد و زیادبوونی بالادەستی ئیسرائیل و نائارامی و نارەزاییەکانی ناو ئێران و لاواز بوونی هێزە هاوپەیمانەکانی ئەردۆغان لە حماس و گرووپە ئیسلامییەکانی تر..
کورد پێگەیە بەهێزی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانی هەیە و سەرباری گرفتەکانی هەنگاوگ گەورە دەنێت و دەرگای ئەگەرە بەهێزەکانی لە جێگە و پێگە و ئایندەیەکی باشتری بۆ کراوەتەوە.
دەبا بزانین لەم قۆناخە ناسک و هەستیار و چارەنووسسازەدا، حیزب و دەسەلاتی سیاسی کورد، دەتوانن چی بۆ کورد بەدەست بهێنن..؟!؟
ئیدی بەو هیوایەی سەرانی کورد بە یەکگرتوویی و دڵسۆزی و ژیریی خۆیان ساڵەکانی ئایندە بۆ بەرژەوەندی کورد و کوردستان مسۆگەر بکەن، .
گرنگە ئەوە بۆ هەمووان زانراو بێت، ئەم دۆخەی ئێستا لە ناوچەکەدا لە ئارادایە و دۆخی جیهانیشدا بەرقەرارە بۆ هەمیشە وا نامێنێتەوە و دەشێ لە چاوترووکانێکدا، زۆر بە ئاسانی قلێپ ببێتەوە.. بۆیە گرنگە کورد شەڕی کات و رۆژگار بکات و لە چرکەساتی خۆیدا هەبگاو بنێ و چاوەڕێی هیچ خەونێکی پرتەقاڵی نەبێت..

@@@@@@@@

سەرنج: ئەم وتارە داتاکانی لە رۆژنامەی ناوبراوەوە وەرگیراوە.. بە سەلیقەی خۆم دامڕشتووە..